# لەکوێدا ناتوانین قسە لە کۆمەڵگای مەدەنی بکەین

## مەریوان وریا قانیع

ئەمڕۆکە، یەکێک لە تێزە سەرەکیەکانی بیرکردنەوەی سیاسی لە کوردستاندا تێزەی کۆمەڵگای مەدەنییە. کەم هێزی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی هەن باس لە کۆمەڵگای مەدەنی نەکەن و ڕێزگرتن و گوێلێگرتن و گەشەپێدانی وەک بەشێکی گرنگی سیاسەتی خۆیان نەبینن. ئەگەر لە قۆناغەکانی پێشتردا چەمکی سۆسیالیزم لە کوردستاندا چەمکی باڵادەستبووبێت، ئەوا ە ئێستادا چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی ئەو ڕۆڵە باڵادەستەی وەرگرتووە. بەڵام چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی، وەک زۆربەی چەمکە تیوریەکانی دیکەی ناو فیکری سیاسی کوردی،لەڕووی تیورییەوە هیچی ئەوتۆی لەسەر نەگوتراوە و شیکردنەوەی بنەما فیکری و کولتووری و سایکۆلۆژیەکانی بە ئەندازەیەکی ترسناک غائیبە. زۆربەی هەرەزۆری ئەو ووتار و نووسین و سەرنجانەی لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی نووسراون و دەنوسرێن جگە لە دووبارەبوونەیەکی بێزارکەری پێناسە میکانیکیەکانی ئەم چەمکە و نیشاندانێکی ناکاملی بۆچوونی چەند فەیلەسوفێکی سیاسی تێپەڕی نەکردوە. ئەم کورتە نووسینە هەوڵدانێکی سەرەتاییە بۆ دەستنیشانکردنی چەند تەوەرەیەک بۆ تیوریزەکردنی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستاندا، بە بۆچوونی من ئەم تەوەرانە گرنگترین ئەو تەوەرە فیکری و سیاسییانەن کە دەبێت تیایاندا گفتوگۆکانمان لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی درێژەپێبدەین.

بێگومان کۆمەڵگای مەدەنی بەتەنها ئەو دەزگا و ئۆرگان و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیانە نییە کە لە دەرەوەی دەوڵەت و «کۆمەڵگای سیاسیدا» ئامادەن و ڕۆڵی چاودێریکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی دەبینن. بەتەنها خێزان و قوتابخانە و مزگەوت و میدیا و سەندیکا و ڕێکخراوە هونەری و ئەدەبی و وەرزشیەکان نین. بەتایبەتی لە کوردستاندا ناکرێت کۆمەڵگای مەدەنی تەنها بۆ ئەم ڕەهەندە دەزگاییە کوورتکەینەوە، هەر کەسێک ئاگاداری هەلومەرجی ناوەکی کوردستان بێت دەزانێت ژمارەیەکی زۆری ئەو دەزگایانە مولکی حیزبن و بەچەندان شێوە درێژکراوەی جەستەی حیزبن لەناو جەستەی کۆمەڵگای کوردیدا و بەشێکی گرنگی کارەکانیشیان، لەپاڵ کۆکردنەوەی خەڵکدا لە دەوری حیزب، بریتییە لە چاودێریکردن و دیسپلینکردنی کۆمەڵگا.

کۆمەڵگای مەدەنی جگە لە ڕەهەندە دەزگاییەکەی ڕەهەندێکی مەعنەویی یان ڕەمزی هەیە کە لە دیدی مندا بەهەمانئەندازەی ڕەهەندە دەزگاییەکە گرنگە، گەر گرنگتر و کاریگەرتر نەبێت. ئەو تەوەرانەی من لێرەدا دەستنیشانیان دەکەم سەر بەم ڕەهەندە ڕەمزیەی کۆمەڵگای مەدەنین و بریتین لە کۆی ئەو هەموو بەها و نۆرم و بیر و بۆچون و ڕەمز و پێکهاتی سایکۆلۆژی و کێشە ڕۆشنبیریانەی لە کۆمەڵگادا وەک هێزێکی ئەخلاقیی و ڕۆشنبیریی و ویژدانی و سایکۆلۆژیی ئامادەن. ئەم هێزە ڕەمزیە دەشێت هەم بە قازانجی کۆمەڵگای مەدەنی و بەهێزکردن و پایەدارکردنی کاربکات هەم بە زیان و ڕێگرتن لە گەشەکردن و پاراستنی کاربکات.
بۆ ناسینی ئەم ڕەهەندە ڕەمزیەی کۆمەڵگای مەدەنی دەشێت ئەم تەوەرانەی خوارەوە لە یەکدی جیابکەینەوە:

## ١- کۆمەڵگای مەدەنی و ترس

لە فەزایەکدا ترس ڕەنگرێژی کردبێت ناتوانین قسە لە کۆمەڵگای مەدەنی بکەین. ترس دوژمنی یەکەمی کۆمەڵگای مەدەنیە چونکە سەرکوتکەر و چەپێنەری ژمارە یەکی ئازادییە، کا ئازادیش بوونی نەبوو کۆمەڵگای مەدەنیش ناتوانێت ئامادەبێت. ئامادەبوونی ترس هەلی ئەوە لە تاک و گروپەکان دەسێنێتەوە کە بتوانن بە ئاشکرا و ئازادانە ڕاو بۆچوون، دید و جیهانبینی، ویست و ئارەزوو، مژدە و چاوەڕوانییەکانیان دەربڕن و فۆرمی دەزگایان پێببەخشن. بۆئەوەی بتوانیت دەستپێشخەر بیت بۆ دامەزراندنی دەزگا و بەخشینی فۆرمێکی ڕێکخراو بە کۆمەڵێک پەیوەندی و قازانج و داواکاری کۆیی، دەبێت هەلومەرجێک ئامادبێت تێیدا ئەو هێزانە لە کۆبوونەوەی ڕێکخراو نەترسن. ترس هێزێکی سایکۆلۆژییە، بەردەوام لەپشتی ئەو پرۆژە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییانەوەیە کە خوازیاری بنیادنانی ئینسان و گروپی چکۆلە و گوێڕایەڵ و بێکاراکتەرن، هەروەها پرۆژەی دروستکردنی دنیایەکی ژێرزەمینی یاساغ و تاریکە هاوشان بەو دنیا ئاشکراو بەرچاوەی ڕۆژانە لە هەناویدا دەژین. بیرۆکەی کۆمەڵگای مەدەنی دەربڕی ئامادەگی کۆمەڵگا و سیاسەت و هێزە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانە بۆ ئاشکرابوون، ئاشکرابوون لەبەردەم خۆیان و یەکدی و کۆمەڵگادا وەک گشتێک. فەلسەفەی کۆمەڵگای مەدەنی فەلسەفەی ڕێگرتنە لە دروستبوونی ئەو دنیا نهێنی و نەدیتراوەی ئینسان و گروپەکان بە دزیەوە دروستیدەکەن بۆ دەربڕینی ویستە جیاجیاکانیان، کۆمەڵگای مەدەنی مانای ڕێگرتن لە دروستبوونی دوو دنیا یەکێکیان بەرچاو و ئاشکرا و ئەویدیکەیان شاراوە و یاساغ، یەکێکیان گوونجا و لەگەڵ فۆرم و میکانیزمەکانی یاساغکردن و چەپاندندا، ئەویدیکەیان سەرزەمینی نهێنی تێکشکانی یاساکانی یاساغکردن، یەکێکیان تێدا چەپڵەلێبدەیت و بەڵێ بڵێیت، ئەویدیکەیان شوێنی نەفرەتکردن و نا گووتنبێت. بەم مانایە و لەڕووی سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵگای مەدەنی مانای کۆتاییهێنان بەو شیزۆفرینیا کۆمەڵایەتییەی کە کۆمەڵگا بەشێوەیەکی شاقوڵی بۆ دوو دژەدیووی ناتەبا بەیەکدی دابەشکات، دیوێکیان ئاشکرا و بینراو ئەویدیکەیان ژێرزەمینی و نهێنی.

بێگومان ترس تەنها هێزێکی سایکۆلۆژی نییە بەڵکو هێزێکی دەزگاییشە، کەم نین ئەو دەزگایانەی کاریان بەرجەستەکردن و نیشاندان و بە سیمبولکردنی ترسە. دەزگاکانی ئەمن و موخابەرات، سوپا و هێزی تایبەت و زۆرانی تریش دەشێت ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ببنە ئامێری بەرهەمهێنانی ئەو ترسەی دەسەڵاتداران دەیانەوێت لە کۆمەڵگادا بیچێنن. بەدیوێکی دیکەدا ترس مانای کوشتنی هەموو دینامیکەتێکی کۆمەڵایەتی، ئاخر هیچ هێزێکی ترساو یان ترسێنراو ناتوانێت هەڵگری پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە بۆ گۆڕان، بەتایبەتی گۆڕانێک کە کارەکتەرێکی ڕۆژانە و هێمن و ئاشکرای هەبێت و فۆرمی پەلامار و هێرشی نهێنی و بێگومان توندوتیژ نەگرێتەخۆی.

## ٢- کۆمەڵگای مەدەنی و توندوتیژی

دوژمنێکی دیکەی کۆمەڵگای مەدەنی توندوتیژیە، هیچ شتێک نییە ئەوەندەی توندوتیژی زیان بە بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی بگەیەنێت، لەهەر شوێنێک توندوتیژی زمانی قسەکردنی هێز و لایەنە جیاجیاکان بوو لەگەڵیەکدا لەوێدا میلیشیا ئامادەیە نەک کۆمەڵگای مەدەنی، جا ئەو توندوتیژییە چ توندوتیژی مادییێت یان توندوتیژی ڕەمزی. کۆمەڵگای مەدەنی لەباتی قامچی و فیشەک و شەلاق، لەباتی ئەو بەها ئەخلاقیانەی کە ئینسان بە بێدەنگی و بچووکی و گرگنگی مەحکوم دەکەن، پێویستی بە میکرۆفۆن و هۆڵی گفتوگۆ و ڕۆژنامەی

ئازاد هەیە، پێویستی بە فەلسەفەیەکی ئەخلاقی هەیە لە ئازادیەوە دەستپێبکات نەک لە قەدەغەکردن و چەپاندنەوە. لەم فەلسەفەیەدا ئازادی وەک ماف پێناسەدەکرێت، وەک پرۆژەیەکی بێکۆتایی، نەک وەک دیاری حیزب و سەرکردە و دەسەڵاتداران بۆ تاکەکەس و گروە و کۆمەڵگا. بوونی کەناڵی تەعبیرکردنی ئازد، بوونی فەلسەفەیەکی ئەخلاقی بارگاویکرا و بە بیرۆکەی لێبووردن و قبوولکردنی جیاوازی، بوونی دیالۆگ لەشوێنی زەبر و زەنگ، مەرجی سەرەکی گۆڕینی توندوتیژیەکانی ناو کۆمەڵگان بە چالاکیی مەدەنیانە. ئەگەر فەلسەفەی کۆمەڵگای مەدەنی فەلسەفەی کردنی کۆمەڵگابێت بە بکەری کۆمەڵیەتی پلە یەک و بەو هێزەی شەرعیەت بە هێزەکانی دیکە دەبەخشێت، ئەوکات تێدەگەین ئامادەگی توندوتیژی چ پرۆژەیەکی ترسناک و کوشندەیە بۆ بە کۆیلەکردنی کۆمەڵگا و سڕینەوەی هەموو ئەو سەرچاوانەی شەرعیەت کە بە کۆمەڵگا هێزێکی مەعنەوی و سیمبۆلی گەورە دەبەخشن.

مەترسیەکی دیکەی توندوتیژی لەوەدایە کە دەشێت ببێت بە خولقێنەری ئیستاتیکایەکی تایبەت، ڕەهەندێکی شیعری و ڕەمزی بگرێتەخۆی کە کۆمەڵێک مانای پێبدات لەدەرەوەی هێز و توانای وێرانکردن و لەناوبردندا. لە لێکدانەوەی توندوتیژیدا دەبێت لەو ڕاستیە تێبگەین کە زۆرجار توندوتیژی تەنها ئامرازێک نییە بۆ بەدەستهێنانی شتێک یان مەبەستێکی دیاریکراو. بەڵکو جۆرە ئیستاتیکایەکیشە کە دەشێت بە «ئیستاتیکای ئەتککردن» ناویببەین. مەبەست لەم ڕەهەندە ئیستاتیکیەش ئەو مانایانەیە کە توندوتیژی لەدەرەوەی بوونە فیزیایەکەیدا دەیگرێتەخۆی. کاری ئیستاتیکای ئەتککردن» ئەوەیە شتەکان لە زەمینە واقیعیەکانیانەوە بگوازێتەوە بۆ زەمینەیەکی ڕەمزی و لەو زەمینە ڕەمزیەشدا کۆمەڵێک مانا بدات بەو کارە توندوتیژانە کە دەکەونە ئەودیوی هەقیقەتی فیزیایی توندوتیژیەکە خۆیەوە. بۆ نمونە تەعەداکردنە سەر ئافرەتێک لەدۆخی شەڕ یان دیلکردندا، کارێکی کۆنکریتە و ڕووداوێکە ئامادەگیەکی فیزیایی هەیە. بەڵام لەو کاتەدا کە ئەم تەعەداکردنە دەکرێتە کارێکی ڕەمزی و ڕەهەندێکی ئیستاتیکی پێدەبەخشرێت ئیدی لە تەعەداکردنەوە لە ئافرەتێک دەگواسترێتەوە بۆ تەعەداکردن یان ئەتککردنی نەتەوە، تایەفە یان ئاینی ئافرەتەکە. یاخود ماناکانی کوشتنی منداڵێک لە ئاستە ڕەمزییەکەیدا دەبێتە مانای کوشتنی ئایندەی ئەو مەسەلەیەی کە منداڵەکە دەکرێتە ڕەمزێک بۆی.

### ٣- کۆمەڵگای مەدەنی و سیاسەت

یەکێک لە کاراکتەرە گرنگەکانی کۆمەڵگای مەدەنی سەربەخۆبوونی فیکری و مەعریفی و ڕۆشنبیریە. ئەم سەربەخۆبوونەش مانای ئەوەی دەوڵەت یان حیزب نابێت لەسەرەوەڕا هەوڵی مۆنۆپۆلیزەکردنی ئەو کایە گرنگانە بدات و لە ڕاستیدا بەهیچجۆرێک نابێت تاقە خاوەنێکی ئەو کایانە بێت. لە کۆمەڵگای مەدەنیدا فیکر و ڕۆشنبیری و کەناڵەکانی تەعبیرکردن ئازادن، شوێنی گۆڕینەوەی بیر و بۆچوون و ئەرگومێنتی هەمەجۆر و جیاواز و ناکۆکن، لەم کایانەدا کۆمەڵگا لەوە تێدەگات کە لە هەناویدا هێز و دید و پرۆژە و مژدە و چاوەڕوانی جیاواز ئامادەن. بێگومان ئەم ئازدبوونە مانای ئەوەی نییە کە حیزب ڕۆشنبیر و کەناڵی تەعبیر و میدیای سەربەخۆی خۆی نەبێت، بەڵکو مانای ئەوەی کۆمەڵگا خاوەنی کەناڵی تەعبیر و ڕۆشنبیر و دەزگای خۆیبێت و بتوانێت لە گەروی جیاوازەوە بە دەنگی جیاواز بدوێت.

کۆمەڵگای مەدەنی کاتێک دەتوانێت هەم دەوڵەت و هەم هەموو ناوەندەکانی دیکەی دەسەڵات بە گۆڕانی بنەڕەتی ناچارکات، کە ئازادبێت و کەناڵی خۆدەربڕینی ئازادیشی هەبێت. بەم مانایە کۆمەڵگای مەدەنی مانای ئیمزاکردنی هێزە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگایەکی دیاریکراوە بۆ پەیمانێک کە تێیدا هەرهێزێک ئازادی و شەرعیەت و بوون و مافی گەشەکردن و هەڵبژاردنی شێوە ژیان و ئاکار و چێژی کۆمەڵایەتی و ئیستاتیکی

هێزەکانی دیکە بسەلمێنێت. لە کۆمەڵگای مەدەنیدا هیچ هێزێک ناتوانێت بەناوی هەمووانەوە بدوێت، کەسێک ناتوانێت وەک وەکیلی هەموو نەتەوە و هەموو کۆمەڵگا قسەبکات. لە کۆمەڵگای مەدەنیدا هەر هێزێک لەچوارچێوەی ئەو پەیمانەدا کە دەبەستریت لەباتی خۆی و بۆ قازانج و سوود و داواکارییەکانی خۆی دەدوێت، لەم چواچێوەیەدا یاسا و بەها و پێدراوەکانی ململانێ و کێبەرکێی کۆمەڵایەتی ئارام بە ئاشکرایی دەستنیشانکراوە و ئەو سنوورانە کێشراون کە هیچ کەس و هێزو لایەنێک بۆی نییە بیانبەزێنێت، چونکە بەبەزاندنیان ئیدی هەم ئاسایشی کۆمەڵایەتی و هەم بنەماکانی ئازادی و هەم چوارچێوەی پێکەوەبوونی هێزەکان تێکدەچێت. کۆمەڵگای مەدەنی بەم مانایە دروستکردنی لانیکەمی ئیجماعی کۆمەڵایەتییە لەسەر بنەمای ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی بەرفراوان. ئەمەش بە پلەی یەکەم دروستکردنی چوارچێوەیەکی یاسایی و سیاسی لەبارە بۆ کێبەرکێی کۆمەڵایەتی و دەستنیشانکردنی ئەو حەرامانەیە کە هەموونا دەبێت ڕێزیگرن، بۆنموونە لانەدان لە یاسا و یەکسانبوونی هەمووان لەبەردەمیدا. لە دۆخێکی وادا سیاسەت بریتیە لە دواهەمین دەرەنجامی گفتوگۆ و ململانێ و ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی نەک نەخشە و پلانی ناو ژووره داخراوەکان، سیاسەت دەبێتە کارێکی گشتی و ئاشکرا، بەشێکی گەورەی کارەکتەری نهێنیکاری لەدەستئە دات. بەم مانایە فەلسەفەی کۆمەڵگای مەدەنی خوازیاری جۆرێکی نوێیە لە سیاسەت، سیاسەتێک لە تاریکییەوە بگوازێتەوە بۆ ڕووناکی و لەناو ژووره داخراوەکانەوە بۆ سەرجادە و لە سایکۆلۆژیای داخراوی سەرکردەکانەوە بۆناو گفتوگۆی کراوە و ئاشکرای کۆمەڵگا.

### ٤. کۆمەڵگای مەدەنی و حیزب

یەکێک لەو بیرۆکانەی کە مەترسی لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی هەیە بیرۆکەی تاکە حیزب یان حیزبی سەرکردە یان حیزبێکە بیەوێت بەردەوام ئەوەندە گەورەببێت هەموو کۆمەڵگا بگرێتەوە و بچێتە شوێنی ئەو. بەبێ کەوتنی ئەم بیرۆکانە زەحمەتە بتوانین قسە لە بوونی چالاکیی کۆمەڵگای مەدەنی بکەین. کۆمەڵگای مەدەنی تەنها لە غیابی ئەو بیرۆکانەدا دەتوانێت ڕێبازە ئایدیۆلۆژی و فیکری و سیاسیە جیاوازەکانی ناو هەناوی خۆی بناسێت و سەرزەمینی خۆدەربڕینی سیاسی و فەرهەنگی و ئەخلاقیشیان بۆ سازبکات. حیزبی سەرکردە مانای ناچارکردنی هەموو کۆمەڵگا بە قبووڵکردنی هێڵی گشتیی ڕاڤەکردنەکانی ئەو حیزبە بۆ دنیا و دیاردەکان و تەسلیمبوون بە پێناسە و مانا و چاوەڕوانییەکانی. ئەمەش لە پراکتیکدا مانای ناچارکردنی هەمو هێزێکی دیکە بەوازهێنان لە دیدی خۆی یان لانیکەم لەو دیدانەی کە لەگەڵ بۆچوونەکانی حیزبی خۆ ـ بەسەرکردە ـ زاندا ناگونجێت. هەر بزاوتێکی سیاسی، کە هەڵگری پرۆژەی کۆمەڵگای مەدەنی بێت، دەبێت بەردەوام لە هەوڵیئەوەدابێت نەبێت بە هێزێکی تۆتالیتێر، لەپاڵ زۆر شتی دیکەدا دەبێت هەوڵی ئەوەبدات قەبارەکەی نە ئاوسێت و بچووکی خۆی لە بەرامبەر کۆمەڵگادا وەک هەقیقەتێکی سۆسیۆلۆژی قبووڵبکات. بێگومان پاراستنی قەبارەی بچووکی حیزب و ڕێگرتن لە گەشەی سەرەتانیانەی و ڕێپێنەدان بە داگیرکردنی کۆمەڵگا، هەم لە قازانجی حیزب خۆی و هەم لە قازانجی هێزەکانی دیکە و هەم لە قازانجی کۆمەڵگاشدایە. بەم کارە حیزب دەتوانێت بەرپرسیاریی کۆمەڵایەتی بەسەر هەموو کۆمەڵگا و بەسەر هەموو هێزە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگادا دابەشکات، ئەو ئەرکە لە کۆڵی خۆی بکاتەوە کە دەیکاتە تاقە بەرپرسیارێک بەرامبەر بە ورد و درشتی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی. لە هەمانکاتیشدا کۆمەڵگا ئەو ئازادیەی دەستدەکەوێت کە بتوانێت خۆی هەڵبژاردنەکانی خۆی دیارییکات نەک حیزب یان سەرکردەیەک لەسەرەوەرا بەسەریدا بسەپێنێت، خۆی بڕیارەکانی خۆی بدات و بەرامبەریشیان بەرپرسیاربێت نەک گروهێکی حیزبی بچووک. بێگومان پاراستنی بچووکی قەبارەی حیزب لە بەرامبەر کۆمەڵگادا کارێک نییە خۆبەخۆ ڕوودات، شتێک نییە حیزب لە

ساتەوەختێکی ووشیارییدا بڕیاری لەسەربدات، جێبەجێکردنی ئەم داخوازییە پێویستی بە ستراتیژ و بەرنامە و خەباتێکی تایبەت هەیە کە تێیدا گووتاری کۆمەڵگای مەدەنی بچێتە شوێنی گوتاری تاک حیزبی یان گوتاری حیزبی سەرکردە. دەسەڵات بۆ ئەوەی بە تەنها لە دەستی کەسێک، حیزبێک یان گروهێکدا کۆنەبێتەوە هەمیشە پێویستی بە دروستکردنی چەندان هێزی سەربەخۆ و میکانیزمی تایبەت کە نەهێڵن ئەم کارە ڕوووبدات. بەم مانایە گوتاری کۆمەڵگای مەدەنی ئەوە لە حیزب داوادەکات  کە بەردەوام لە خەمی ئەوەدابێت لەدەرەوەی خۆیدا هێزی سەربەخۆ و ڕەخنەیی و جیاواز دروستببێت کە بتوانێت حیزب و سەرکردەکانی حیزب لەلادان و خراپ بەکارهێنانیدەسەڵات و هەنگاونان بەرە و دیکتاتۆریەت بپارێزێت. لە هەلومەرجێکی تایبەتدا حیزب نەیهێشت و ڕێگەی نەدا بەدروستبوونی هێزی کۆمەڵایەتی لەدەرەوەی خۆیدا بۆیەوەی ئەم کارە ڕەخنەییە جێبەجێکات، ئەوکات ناکرێت قسە لە پرۆژەی دیموکراسیانە و لەپێش هەموشیانەوە لە پرۆژەی کۆمەڵگای مەدەنی، بکەین.

**٥. کۆمەڵگای مەدەنی و هەقیقەت**

کۆمەڵگای مەدەنی ناتوانێت دروستببێت لە کۆمەڵگایەدا یەک پێناسی بۆ هەقیقەت هەبێت، یان یەک هەقیقەت هەبێت دەستنیشانی باش و خراپ، ڕاست و هەڵە، دڵسۆز و خائین بکات.  هەر کەسێک، هەر لایەنێک، هەر حیزبێک گەر کەمەکێ ڕێزی خۆی و ڕێزی کۆمەڵگاکەی و ڕێزی تاک و گروپەکان بگرێت، دەبێت ئەو ڕاستییە بسەلمێنێت کە ئەو هەڵگری بەشێک لە هەقیقەتە و هیچکەسێک وهیچلایەنێک هەموو هەقیقەتەکانی پێنییە. پێناسکردنەوەی هەقیقەت وەک دەرەنجامی دیالۆگێکی کۆمەڵایەتی، نەک وەک پێدراوێکی بابەتی،  وەک موڵکی هەموو هێز و تاکەکانی ناو کۆمەڵگا، نەک وەک موڵکی گروهێک یان سەرکردەیەک، یەکێک لە پێداویستیە هەرە گرنگەکانی هاتنەکایەی کۆمەڵگای مەدەنییە.

لەڕاستیدا ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆشی بە پلەی یەکەم وابەستەی ئەوەیە کە هەقیقەت بەشبەشکرێت و هەر لایەن و هێز و تاکێک لەو ڕاستیە سۆسیۆلۆژیە تێبگات کە تەنها هەڵگری بەشێکی هەقیقەتە و دواهەمین هەقیقەتیش بوونی نییە. هەقیقەتی باڵادەست دەبێت بەرەنجامی گفتوگۆی کۆمەڵایەتی و ئاڵوگۆڕی دید و بۆچوونە جیاوازەکانبێت، نەک مەسەلەیەکی سەپێنرا و جارێک بە ناوی ئاینەوە و جارێک بە ناوی ئایدیۆلۆژیاوە و جارێکی دیکەش بە ناوی کاریزمای سەرۆک یان خێزانێکی دیاریکراوەوە. غیابی ئەم دیدە بۆ هەقیقەت مانای ئامادەگی بەردەوامی ئەگەری شەڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەزهەبی و مانای وێرانکردنێکی یەکجارەکی پرۆژەی کۆمەڵگای مەدەنی.

ئەوەی پێیوایە دواهەمین هەقیقەتی پێیە، ئەوەی لەسەر ئەو خەیاڵەیە کە هەموو ڕاستییەکانی لە گیرفاندایە، ئامادەیە بۆ پیادەکردن و سەپاندنی ئەم ڕاستییانە هەموو ناشیرینییەکانی سەر زەوی ئەنجامدا. لەڕاستیدا هەموو ئەزموونە تۆتالیتێرەکانی سەر زەوی لەو خاڵەوە دەستپێدەکەن کە دواهەمین ڕاستییان پێیە و لەپێناوی پاراستن و پیادەکردنی ئەم ڕاستییەشدا هەمووشتێک حەڵاڵە.

ئەوەی پێیوایە دواهەمین هەقیقەتی پێیە، تەنها بەوەوە داناسکنێت کە هەڵگری ئەو هەقیقەتەبێت بۆ خۆی، ئەم جۆرە عەقڵیەتە پێیوایە کە چارەسەری یەکجاری و هەمیشەیی هەموو کێشەکانیشی پێیە، ئەم هەقیقەتهەڵگرانە کۆمەڵگا وەک پێکەوکۆبوونەوەی کۆمەڵێک هێزی جیاواز و ناتەبا نابینن کە دیدی جیاجیایان بۆ جیهان هەیە، ئینسانیش وەک بوونەوەرێکی هێرمۆنۆتیکی نابینن کە شتەکان بەردەوام ڕاڤەدەکات، مرۆڤە لەم دیدەدا

ماشێنێکی سەیری گۆڕاپلێیە بۆ ئەو هەقێقەتە گومان هەڵنەگرانەی ئەو بەرێزانە هەڵگرین. ئەم جۆرە دیدە بۆ هەقیقەت ئینسان بەتاڵ دەکاتەوە لە هێزی گومانکردن، کە جوانترین و شیعریترین ڕەهەندی ڕۆحی ئینسانە.
مێژووی سەدەی بیستەم نیشانیداین هەموو ئەم هەقیقەتگەراییانە، ئەوانەی پێیانایە دواهەمین هەقیقەتی ژیان و مێژوو و جیهانیان پێیە و لەڕێی پیادەکردنی ئەم هەقیقەتانەوە بەهەشت بۆسەر زەوی دادەگرن، هەموویان جەهەنەمێکیان دروستکرد کە ژینای دەیان ملیۆن ئینسانی تێدا لەناوبرا.

**٦- کۆمەڵگای مەدەنی و ڕۆشنبیریی و ڕۆشنبیران**

کۆمەڵگای مەدەنی بەبێ جۆرێک زانیاریی، ڕۆشنبیریی یان مەعریفەی تایبەت مەحاڵە دروستببێت، ئەم زانیاریە بەشێوەیەکی گشتی زانیاریەکی هەم ڕەخنەیی و هەم ڕێژەییە، ڕەخنەییە بەو مانایەی لە بەرامبەر ستراتیژەکانی بێدەنگکردن و دیسپلینکردن و بێمافیدا بێدەنگ نابێت، ڕێژەیشە بەو مانایەی بە ناوی هەقیقەتێکی موتڵەقەوە قسە ناکات و دنیا و دیاردەکان بۆ ڕەش و سپی دابەشناکات. بێگومان ئەم زانیاریە لە هەمانکاتدا زانیاری ناسینی هەر کەس و گروهـ و دەستەو تاقمێکی فەرهەنگی و سیاسی و ئابووریە بۆ ماف و ئەرک و ئازادی و سنوورەکانی خۆیان. ئەوەشی ئەم گشتە ئاڵۆزە بەسەریەکەوە دەپارێزێت و بناغەکانی ئاشتیەکی کۆمەڵایەتی لە نێوان گەمەکەرە جیاوازەکاندا فەراهەم دەکات بوونی گووتارێکی سیاسی و حقوقی و فیکری و ڕۆشنبیریە کە جیاوازیەکان بسەلمێنێت و پانتاییەکی ئاشکرای تەعبیرکردنیان پێببەخشێت و یاسای دیموکراسیانە و کراوەی بۆ ململانێی کۆمەڵایەتی هەبێت. لە دۆخێکی لەو بابەتەدا گەورەیی و بچوکی پانتایی تەعبیری هەر هێزێک لە هێزەکان وابەستەی بڕی ئامادەگی و عەقڵانیەتی کارکردن و ئیدارەدانی ململانێکانی ئەو هێزە خۆیەتی لەناو کۆمەڵگادا، نەک وابەستەی دەسەڵات و زەبروزەنگی هێزێکی دەرەکی کە خۆی لە چوارچێوەی پاراستنی جیاوازیەکان بە گەورەتر و گرنگتر بزانێت.

کۆمەڵگای مەدەنی بەبێ بوونی ووشیاریەکی پتەو بە بوونی جیاوازی و مافی جیاوازبوون مەحاڵە. جیاوازی ئەو ژێرخانە فیکری و ئەخلاقی و سیاسیەیە کە بیرۆکەی کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر دروستدەبێت. لەو کاتەدا کە تاکەکان و گروپەکان ووشیاردەبن بەرامبەر بە جیاوازی خۆیان مانای ئەوەیە ووشیاریشن بە جیاوازی ئەوانیدیکەش. ووشیاری بە جیاوازی ئەوانیدیکە ووشیاریە بە جیاوازی خود خۆی. لێرەوە هەر گروهێکی کۆمەڵایەتی و هەر تاکێک ناچارە بۆ ئەوەی جیاوازیەکانی خۆی بسەلمێنێت دەبێت پێشتر جیاوازیەکانی ئەوانیدیکەش بسەلمێنێت. لێرەوە بوونی ڕۆشنبیریەک جیاوازی تیوریزە باکات و بەرگری لە ئیستاتیکا و چێژ و شێوەژیان و ئەخلاقیەتی جیاوازبکات، مەرجێکی سەرەکی دروستبوون و پتەوبوونی پایەکانی کۆمەڵگای مەدەنییە.

**٧- کۆمەڵگای مەدەنی و کوفر**

پرۆژەی کۆمەڵگای مەدەنی پرۆژەی دروستکردن و بنیادنانی بەهەشت نییە لەسەر زەوی، بەڵکو پرۆژەی ڕێگرتنە لە دروستبوونی جەهەنەم. پرمەترسیترین دەسەڵات ئەو دەسەڵاتەیە کە بانگێشەی بنیادنانی بەهەشت دەکات، هەموو بانگێشەیەکی لەمجۆرە بەناو دەریایەک خوێنی ڕژاوی دوای تەکفیری تەکفیری ئاینی و ئایدیۆلۆژیدا تێدەپەڕێت.
وەک گوتمان هەقیقەت لە پرۆژەی کۆمەڵگای مەدەنیدا بەرهەمی دیالۆگ و ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتییە، واتە هەقیقەت پێدراوێکی پێشین نییە و بەهیچجۆرێکیش موتڵەق نییە. بەپێچەوانەوە کوفر مانای لادانە لە هەقیقەتێکی بە

موتڵەقکراو، لادان لە ڕاستیەک کە هێزێک لە هێزەکان وەک تاقە ڕاستیی مامەڵەی لەگەڵدادەکات و دەرەوەی ئەو ڕاستیەش وەک سەرزەمینی کوفری ئاینی و ئایدیۆلۆژی پێناسدەکات. لە کوێدا باسی کوفر کرا مانای لەوێدا هەقیقەتێک هەیە هەموو ئەوانەی قبووڵی نەکەن بە کافر ناونووسدەکرێن. ئەمەش بۆخۆی ئیمزاکردنی مەرگی پرۆژەی کۆمەڵگای مەدەنی و ئیمزاکردنی مەرگی دیموکراسیەتە. کۆمەڵگای مەدەنی قسە لە کۆمەڵگایەکی عەقڵانی ئازاد دەکات کە تێیدا تاک و گروهەکانی خاوەنی هەڵبژاردنی ئازاد و سەربەخۆن و هەریەکێکیش خۆی ماناکانی دنیا و سیاسەت و ئاین و ئەخلاق، بەپێی تێگەیشتنی خۆی، لێکدەداتەوە. وەک ئاشکرایە ئەوەی لێرەدا جێی نەبێتەوە چەمکی کوفر و تەکفیرە.

## ٨- کۆمەڵگای مەدەنی و قوربانی

بیرۆکەی قوربانی بیرۆکەیەکە قسە لە بوونی پیرۆزییەک دەکات گەورەتر لە کۆمەڵگا و لە تاکەکانی ناو کۆمەڵگا، قوربانی چیرۆکی موقەدەسێک دەگێڕێتەوە پیرۆزتر لە خودی ژیان خۆشی. هەمیشە لە پشتی قوربانیەوە مەسەلەیەک هەیە کە لە ژیانی تاک و گروهەکان گرنگترە و داوای بەخشینی بەردەوامی ژیانیش دەکات. بیرۆکەی قوربانی تا لەسنووری کۆمەڵێک ڕەمز و تقووسی ئاینیدا بمێنێتەوە مەترسیەکانی کەمترە تا لەوەی ببێتە بەشێک لە چۆنیەتی قسەکردن و ئیشکردنی سیاسەت لەسەر کۆمەڵگا و ژیان و دنیا. کاتێک ئەتیک و کولتووری سیاسی دەبنە ئەتیک و کولتوورێک کە بە زمانی قوربانیدان بدوێن، ئەوکات هەم ئینسانەکان خۆیان و هەم کۆمەڵگا و هەم ژیان خۆشی دەکرێنە خزمەتکاری ئەو مەسەلەیەی سیاسەت پیرۆزیکردوە. ئەم قوربانیانەش هەمیشە ناوی جیاجیایان لێدەنرێت، قوربانی لە پێناوی قازانجی نەتەوەییدا، قوربانی لە پێناوی قازانجی کۆمەڵگادا، قوربانی لەپێناوی ئاسایشی کۆمەڵایەتیدا و چەندەها ناوی تریش کە هەرجارە و بەشێوەیەک لە شێوەکان هەڵدەبژێردرێن. بێگومان هیچ سیاسەتێک نییە بێ تێگەیشتنێکی دیاریکراو بۆ قوربانی و بەبێ بەکارهێنانی چەمکی قوربانی بوونی هەبێت، تەنانەت بیرۆکەی پەیمانی کۆمەڵایەتی خۆشی دەشێت بە تێرمەکانی قووربانی لێکبدرێتەوە، بۆ نموونە دەکرێت بڵێین تاکەکەس لەم پەیمانەدا قوربانی بە بەشێکی مافەکانی خۆی ئەدات بۆ بردنەوەی ئەوانیدیکەیان. کێشەکە لە بوون یان نەبوونی چەمکەکەدا نییە، کێشە لەوەدایە قوربانی ببێتە زمانی سەرەکی قسەکردنی سیاسەت لەگەڵ کۆمەڵگادا. سیاسەت بەردەوام داوای قوربانی بکات و قوربانی بکاتە ستراتیژێک لە ستراتیژەکانی مانەوەی خۆی. بەشێکی زۆری ئەزموونی قوربانیدان ئەوەمان فێردەکات لە کوێدا قوربانی زمانی سەرەکی قسەکردنی سیاسەت بوو، لەوێدا شتێک دەپەرسترێت کە لە سەرۆک و هاوڕێکانی و لەباشترین حاڵەتدا لە سەرکردەکانی حیزب تێپەڕناکات. بۆیە ناکرێت ئێمە بە زمانی قوربانی قسەبکەین و باس لە کۆمەڵگای مەدەنیش بکەین، ناکرێت حیزبێک یان کۆمەڵگایەک بە زمانی قووربانیدان لەگەڵ ئینسانەکانی بدوێت، بشڵێت من هەڵگری پرۆژەی بە مەدەنیکردنی ژیان و بە مەدەنیکردنی کۆمەڵگا و بە مەدەنیکردنی ئینسانم.

**تێبینی:**

**بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی نوسەر هیچ کەسێک یان دەزگایەک مافی لەچاپدانەوە و بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتەی نییە.**